# له پێغەمبەری خوا نووح (علیەالسلام)ەوە فێری گەشەپێدانی مرۆیی ببە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ تعلم التنمية البشرية من نبي الله نوح عليه الصلاة والسلام ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# له پێغەمبەری خوا نووح (علیەالسلام)ەوە فێری گەشەپێدانی مرۆیی ببە

**وانەی یەکەم:** با کەشتییەکە بەجێت نەهێڵێت:

هەرکێ لەم کەشتییەدا ئەم هاوڕێتییە لەدەست بدات، بێگومان لافاو ڕایدەماڵێت، ئایا خۆت فریامان دەخەیت؟ {قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاء قَالَ لاَ عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ} هود: ٤.

**وانەی دووەم:** یادت نەچێت ئێمە هەمووان لەسەر یەك کەشتین:

ئەوانەی خاوەنی یەك ئامانج و یەك بیروبۆچوونن لە یەك جێگەدا، پیویستە وابیر بکەنەوە کە ئەوەی بۆ تۆ زیانبەخشە بۆ منیش زیانبەخشە، ئەوەشی بۆ تۆ سوود بەخشە بۆ منیش هەروایە،هەرەوەزی پێویستە، هیچ قەرەبووی کارکردن وەکو یەك تیم ناکاتەوە، هەمیشە ئەوە لە بەر چاو بگرە کە تۆ لەم کەشتییەدا لە گەڵمانی.

**وانەی سێیەم:** ڕەخنەو گاڵتەپێکردن با کارت تێنەکەن و پەکتبخەن، بەڵکوو هەڵسە بە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێت

سپێردراوە، ئەگەر نووح -سەلامی خوای لێبێت- بەهۆی ڕەخنەو گاڵتەجاڕی خەڵکەوە لە دروستکردنی کەشتییەکە ڕابوەستایە، ئێمە تاکو ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ باسی ئەو موعجیزەمان نەدەکرد {وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلأٌ مِّن قَوْمِهِ سَخِرُواْ مِنْهُ قَالَ إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ} هود: ٣٨.

ڕەخنەی ڕووخێنەر با ساردت نەکاتەوە لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانتە، بەلاَم بیر لە حاڵی ئەو کەسە بکەرەوە کە ئەمڕۆ گاڵتەت پێ دەکات، پاش ماوەیەك کاتێك بە ئامانج دەگەیت هەڵوێستی چۆن دەبێت ؟ئەوەش بزانە ئەم کارە لە نێوان تۆو ئەواندا نییە، بەڵکو...لە نێوان تۆو خوای پەروەردگاردایە.

**وانەی چوارەم:** لە یادت نەچێت ئەم کەشتییە لە لایەن خەڵکی کارامەوپسپۆڕەوە دروست نەکراوە:

شتێکی سەرنج ڕاکێشە کە کەشتی تایتانیك لە لایەن چاکترین خەڵکی کارامەو پسپۆڕەوە دروست کرابوو، بەڵام لە یەکەمین گەشتیدا نوقمی دەریا بوو! بەلاَم کەشتییەکەی نوح سەلامی خوای لێبێت کە لەلایەن خەڵکێکی ناپسپۆڕەوە لەو بواردەدا دروست کرابوو بەرگەی گرت بە ئاملنجی خۆی گەیشت، ئەوانە نیەتیان بۆ خوا پاك کردبوویەوە و کارەکەشیان بە دڵسۆزی دەکرد ....بەلاَم ئایا ئێمەی موسوڵمانان بە دڵسۆزی و لێبڕاوەیی کارەکانمان ئەنجام دەدەین؟

**وانەی پێنجەم:** لە پێناو سەلامەتی خۆتدا هاوەڵی باش هەڵبژێرە:

هەڵبژاردنی هاوڕێ لە گەشتدا مەسەلەیەکی گرنگ وکاریگەرە، لەوانەیە بکەویت و ئەو ڕاستت بکاتەوە، لەوانەیە مەسەلەیەکت لێ تێکەڵ بێت و ئەو ئامۆژگاری ئاراستەی باشت بکات، تەنانەت ئەگەر هیچ کێشەیەکیشت نەبێت دەبیتە هاودەمی و دەبێتە هاودەمت. {حَتَّى إِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ} هود:٤٠.

**وانەی پێنجەم:** پلاندانان بۆ داهاتوو:

کاتێك سەرگەورەمان نوح سەلامی خوای لێبێت لەگەڵ هاوەڵآنیدا خەریکی درووستکردنی کەشتییەکە بوون باران دەستی پێنەکردبوو، بەڵآم ئەوان گوێڕایەڵی فەرمانی خوایی بوون و دڵنیاش بوون لەوەی باران و لافاو بەڕێوەیە و کەشتییەکەشیان ڕزگاریان دەکات. ئەگەر تۆش لە داهاتوو و لەڕێگەی ڕزگاربوون دڵنیایت و نەتتوانی پلانێك دابنەیت، بێ ئومێد مەبە، ڕێگە چارەی ئەوەت هەیە کە هاوبەشیی کەسێك بکەیت لە پلانەکەیدا، بەڵام لە پێش ئەوەدا لە ئامانجەکەی هاوبەش بە.

**وانەی حەوتەم:** با گێژەلوکەو گەردەلوول بێ تاقەتت نەکەن:

تۆ لە کەشتییەکەدا بێگومان تووشی ڕەشەبا و گێژەلووکە دەبیتت، ئەوە شتێکی ئاساییە، مەترسەو خەمبار مەبە و با ورەت دانەبەزێت، چونکە تۆ لەگەڵ خوای گەورەی {وَقَالَ ارْكَبُواْ فِيهَا بِسْمِ اللّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ} هود٤١.

{قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلاَمٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ} هود : ٤٨

**وانەی هەشتەم:** تەمەن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە چی پێشکەش دەکەیت و ڕۆڵت چی دەبێت؟

نوح سەلامی خوای لێبێت بە پیری خەریکی درووستکردنی کەشتییەکە بوو...تۆ تەنها تەندرووستی وهێزی خۆت بپارێزە، لەوانەیە لەتەمەنی شەست ساڵیدا کەسێك داوای کارێکی مەزنت لێ بکات، لەو کاتە زۆر شانازی بەشدار بوون دەکەیت لە جیاتی ئەوەی هەر لە دوورەوە تەماشا بکەیت.

**وانەی نۆیەم:** سەرکەوتن لە نێوان شەوورۆژێکدا بەدەست نایەت:

شوێنکەوتوانی نوح سەلامی خوای لێبێت بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی درووستکردنی کەشتییەکە بوون تاکو بووە بەڵگەو

موعجیزەیەك سەدەكان بیگرنەوە، دە تۆیش خۆڕاگربە بەڵكو بەرهەمی كارەكانت – ئەگەر پاش ماوەیەكیش بێت- بەیارمەتی خوای باڵا دەست بدووریتەوە.

**وانەی دەیەم:** ئەگەر ماندوو بوویت پشوویەك بدە:

ئەگەر لەكاتێكدا هەەستت بە فشاری دەروونی كرد، هیچ عەیبی تییە پشوویەك بدەیت، چونكە ئادەمیزادیكیت وا درووستكراوی، كەشتییەكە هەروەك چۆن بوونەوەری خێرای تێدایە،

بەهەمان شێوە بوونەوەری خاوی، هەموو جارێك خێرایی و پەلەكردن مەرج نییە،ئەگەر چی هەندێك مەسەلە هەیە پێویسن بە پەلەكردن دەكات، بەلاَم لە هەمان كاتدا هەندیكَ مەسەلەی تر هەیە بە سرووشتی خۆی كاتێكی زۆری دەوێت بۆ ڕاپەڕاندنی، ئەگەر وابوایە نوێژی كورت و بەپەلە چاكتر دەبوو لە نوێژی لەسەر خوّو درێژ!ئیشی لەسەر خۆ لەوانەیە وردتر و قووڵتر و هێمن تر بێت، بۆیە هەمیشە پەلە كردن مەكە بەرنامەی خۆت بۆ هەموو فرمانێك، هەندێ پەلە كردن خودی ئەو كارەی كە پەلەی بۆ كراوە تێكی دەدات.

**وانەی یانزەیەم:** ئایا ئامانجێكت هەیە؟ كەواتە كاری بۆ بكە تاكو دەتوانیت:

سەرگەورەمان نوح علیه السلام ٩٥٠ ساڵ پێش هاتنی لافاوەكە بانگەوازی بۆ ئایینی خوا دەكرد، بێ ئەوەی لە درێژایی ئەم ساڵانەدا تووشی بێ ئومێدی و ورە ڕووخان

ببێت! با سەرنج بدین ئاسان نییە دە سەدە کارکردن لە پێناوی مەبەست و پەیامێکدا سەرئەنجامیش تەنها ١٢ کەس باوەڕی پێهێنا، بەڵام جاری واهەیە ئێمە ماوەیەکی کەم بۆ مەستێك کادەکەین، ئەگەر بەرووبوومی باشی نەبێت یان کەم بێت بەرهەمەکەی بێزار دەبین و دەستبەرداری دەبین، بۆیە پشوو درێژ بە و ت دواهەناسەت بەردەوام لە سەر کارکردن بۆ ئامانجی پیرۆز و....بیرت نەچێت:ئەوە کارێکە لە نێوان تۆو خوای گەورە.

**وانەی دوانزەیەم:** گرنگ زۆری نییە، گرنگ ڕاستیی ڕێبازە:

سەرکەوتن سەرکەوتنی ڕێبازە نەك کەسەکان، پەندیش لە زۆریدا نییە، بەڵکوو لە خودی ڕێبازەکەدایە کە کەسەکان هەڵیدەگرن، ئیتر ئایا کەم بن یان زۆر، ئەو چەند کەسەی سەر کەشتییەکە خوای گەورە کردنی بە سەرەتای مرۆڤایتی لەسەر زەویدا چونکە بۆ ڕێبازێکی خوایی ڕاست کاریان دەکرد.

(ئەم بابەتە لە گۆڤاری برەو بڵاو بووتەوە).